# کێشەی واقعیی پشتی کێشەی ئاڵا لە کوردستانی عێراقدا!

## فاتیحی شێخ لە وەڵامی پرسیارێکی (اکتبر)- بڵاوکراوەی فارسی زمانی کۆمیتەی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست

وەرگێڕانی بۆ کوردی: سەعید ئەحمەد

**(اکتبر): بەم دواییانە مەسعود بارزانی رابەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا ئاڵای ئێستای عێراق کە ئاڵای رژێمی بەعسەو تاکو ئێستا نەگۆڕدراوە، لە ناوچەی هەرێمی کوردستان هەڵنەکرێت‌و هەر ئاڵای کوردستان هەڵبکرێت. ئـەم مەسەلەیە بووەتە مایەی بەرپەرچدانەوەیەکی تاڕادەیەك توند لە بەغدا کە بۆ ماوەی چەند رۆژێك ریزی پێشەوەی هەواڵـەکانی داگیرکـرد. ئەم کێشمەکێشە لەسەر ئاڵا، چ جێگایەکی هەیە لە رەوتی گۆڕانکارییەکانی رەوشی سیاسی ئەمڕۆی عێراق‌و کوردستانی عێراقـدا؟ بۆچـی رێك ئەم تەوقیتە بۆ ئەم کێشمەکێشە هەڵبژێردرا؟ ئایا ئەمە بەجۆرێك ئەوە دەگەیەنێت کە مەسـەلەی سـەربەخۆیی کوردسـتانی عێـراق لـە ئاسۆدایە؟ یان سەوداکردنێکی تر بەڕێوەیە؟ وە سەرەنجام خەڵك لەم نێوەدا چ رۆڵێکیان هەیە؟**

فاتیحی شێخ: ئاڵا، هەموو ئاڵایەك، لە مێژوودا کۆمەڵە بەرژەوەندییەکی خاکیی‌و واقعی دیاریکراوی لەخۆیدا حەشارداوە. ئاڵاکـان لـە هـەر برگەیەکی زەمەنیدا نیشانەو سیمبول‌و هێمای ململانێی کۆمەڵێك بزووتنەوەو رەوتی سیاسی دیـاریکراوبوون لەسـەر کۆمەڵـە بەرژەوەندییـەکی واقعی دیاریکراو. لەم حاڵەتەی ئێستەشدا رێك دەبێ بچین بەدوای ئەو مەسەلە سەرەکی‌و کێشمەکێشە واقعییـەدا کـە لەپـشتی ئـەم کێشەی ئاڵایەوە خۆی حەشارداوە. ئەم دوو ئاڵایە بەدرێژایی چەندین ساڵ لەوپەڕی "پێکەوەژیاندا" شانبەشانی یەکتری هـەڵکرابوون. چـی روویـداوە کـە ئێستا کوتوپڕ کەوتوونەتە دژایەتیکردنی یەکتری. ئاشکرایە کە بەرژەوەندی رەوتەکانی پشتی ئەم دوو ئاڵایە لەیەك دوور کەوتوونەتەوە.

جێگای واقعی ئەم کێشەی ئاڵایە لە رەوتی گۆڕانکاریی رەوشەکەدا بەبڕوای من لە دوو بوعد دا یان دوو ئیمتیـدادداد دەکـرێ پەنجـەی بخرێتـە سەر:

-یەکەم لە بوعدی درزتێکەوتنی ئیئتلافی حکومەتیی لە عێراقدا واتە لە درێژەی سەردەرهێنانی ناکۆکییەکان لە پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی فەرمانڕەوا لە کوردستانی عێراق لەگەڵ رەوتەکانی دیکەی شەریك لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە بەغدا،

- لە بوعدی ناوخۆدا، لەدرێژەی پەیوەندی هەمان بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی فەرمانڕەوا لە کوردسـتانی عێـراق لەگـەڵ خـەڵکی ئـەم ناوچەیە کە لەم دواییەدا لەگەڵ ناڕەزایەتییەکی فراوان لەدژی کارکردی "حکومەتی هەرێمی کوردستان" بەرەوڕووبووەوە.

رێگەبدەن هەردوو بوعدەکە برێك شیبکەینەوە.

1)- راستیەکەی ئەوەیە کە ئیئتلافی حزبە ناسیۆنالیستەکانی کورد لەگەڵ رەوتە بەشدارەکانی دیکەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لـە عێراقـدا لـە رۆژی یەکەمەوە زۆر پڕناکۆکیی‌و لەرزۆك بووەو ئەمڕۆ لەرزۆکترو پڕ ناکۆکیتریش بووە. ترسناکیی رەوشەکە لە سایەی "دەوڵەت"ی مەرکـەزیی عێراقدا پێویستیی بە باسکردن نییە. ئەوێ دۆزەخە. وێرانەیە. گۆمی خوێنە. کوشـتارگای خەڵکـە. بـازاڕی سـەوداکردنە بـە گیـانی بـێ‌نرخی ئینسانەکانەوە. لانکـەی بانـدە میلیـشاییە ئیـسلامی‌و عەشـایەری‌و چـەتەو تیرۆریـستییەکانە کـە لـەژێر نـاوی شـیعەو سـوننەو قاعیـدەو بەعسی‌و...تاد لەسەر دەسەڵات لەجەنگدان‌و لە هەموو لایەکەوە خەڵکی بێدیفاع لەتوپەت دەکەن. ئێـستا لـە سـەرانی بـەناو "دەوڵـەت"ی عێراق خۆیانەوە بگرە تا قسەکەرانی هێزە داگیرکەرەکان واتە بۆش‌و بلێر و رامسفیلدو خەلیلزاد و عەنان هەموویان دەڵێن هێـشتا لـە عێراقـدا شەڕی ناوخۆیی لەئارادا نییە بەڵام رەنگە بقەومێت!! ئەمانە وەکو هەمیشە بەرەسمیی راستیەکان ئاوەژوودەکەنـەوە. هـەر ئینـسانێکی عێراقـی هەموو رۆژێك "شەڕی ناوخۆ" بە دزێوترین شێوەی دەبینێت‌و هەر چاودێرێك لـە هـەر شـوێنێکی دنیـاوە بـە کـەمێك لێوردبوونـەوەوە ئـەوە

هەستپێدەکات کە ئەم کۆمەڵگایە کەوتۆتە چ گێژاوێکی ترسناکەوە. ئەوانە کە ئەمە قبووڵ ناکەن مانای ئەوەیە نایانەوێ شکستی خۆیان قبووڵ بکەن. واقعیەت ئەوەیە کە "پرۆسەی" پێکەوەنانی وشکەکەڵەکی "دەوڵەت" لە عێراقدا شکستی خواردووە.

لە هەلومەرجێکی وادا سروشتیە کە هەموو رەوتێك خەرجیی خۆی جیادەکاتەوەو هەوڵ ئەدات بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆی لەژێر ئەم هەرەسە دەربهێنێ. بەرژەوەندییەکی هاوبەش نەماوە تا ئالآیەکی هاوبەش نوێنەرایەتی ئەم بەرژەوەندییە بکات. ئەم هەنگاوەی رابەرایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی فەرمانڕەوا لە کوردستان لەم بابەتەیە. هێزە ئیسلامیەکانی باڵادەست لە جنوبی عێراقیش بە تەرحکردنی خێرای فیدراڵیزمی پارێزگاکانی جنوب هەمان سیگناڵ دەدەن. ئاخوندەکانی کەربەلاو نەجەفیش ئەمڕۆ دەم لە فیدراڵیزم ئەکوتن کە تا دوێنێ باسیان نەئەکرد. هەرکەسێك بتوانێت خەرجی خۆی جیابکاتەوە بەم ئاراستەیەدا دەڕوات. "دەوڵەتی مەرکەزی" جێگا ئومێدی هیچ یەك لە لایەنەکانی ئیئتلافەکە نییە. ئیئتلافەکە درزی تێکەوتووە. هیچ کەسێك بایەخ بۆ "دەستوور"و "پەرلەمان"ی عێراقو "دەوڵەتی" مالکی دانانێت. ئاشکرایە کە دەستەبەندیی ناسیۆنالیزمی عەرەبو بەعسییە کۆنو تازەکان لەم پرۆسەیە نارازین بەڵام ئەمانە نە لە "دەوڵەت"دا زۆرنو نە سەنگێکیان هەیەو نە لە رووی دەسەڵاتی میلیشیاییەوە دەتوانن هاوسەنگی ئێستا بگۆڕن. لە ئەنجامدا عێراق بەشێوەیەکی دوفاکتۆ سێپارچەیە.

لەڕوانگەی ناسیۆنالیزمی کوردی فەرمانڕەوا لە کوردستان، شەریکبوونەوە لە رەوشێك کە لە عێراقدایە ئیتر لە گەلێك رووەوە زیانو مەترسی هەیە بۆسەر بەرژەوەندییەکانی. هەر لەسەرەتاشەوە هەر ئینسانێکی خاوەن ئەزموونی سیاسی دەیتوانی ئەوە تەشخیس بکات کە گەلاڵەی فیدراڵیزم لە عێراقدا گەلاڵەی ئیئتلافێکی ناچاریو شەڕڕاگرتنێکی کاتییە لەنێوان کۆمەڵە رەوتێکدا کە درەنگ یان زوو شەڕی دەسەڵاتیان لەژێر پەردەی "یەکێتی فیدراڵی" دێتەدەرەوە. کوردستانی عێراق لە سەردەمی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراقو روخانی بەعسدا 12 ساڵ بوو بەشێوەیەکی دوفاکتۆ سەربەخۆبوو، ئێستا کە ناسیۆنالیزمی کورد، بەهەر مەبەستێك بێت، مەسەلەی سەربەخۆیی دێنێتە ئاراوە دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە بۆچی بەبێ وەرگرتنی رای خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمێکی ئازاددا، سەرەڕۆیانە ئەم ناوچەیەی دوای ئەو هەموو ساڵ سەربەخۆییە، دووبارە گرێدایەوە بە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی پڕهەرجومەرجی بەغداوە. دەڵێن "یەکێتی دڵخوازانە"!، بەڵام ئەمە گرێدانەوەیەکی ئاشکرا بوو کە بەپێچەوانەی رای خەڵکییەوە کە بەرەسمیو لە ئاستی ملیۆنیداو لەسەر سی دی تەسلیم بە یو ئێن کرا، بە تورەهەڵدانی رای خەڵكو بە پێشێلکردنی مافی خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی ئایندەی سیاسی خۆیاندا ئەنجامیاندا. بەهەرحاڵ ململانێی ئالآکان لە حاڵی حازردا بە ناوەنجیگەری خەلیلزاد هێوربووەتەوە بەڵام ئەو کێشە واقعیەی کە لەپشتیەوەیەتی بە قووەتی خۆی ماوەتەوەو لەئارادایەو درەنگ یان زوو بەشێوەی دیکە خۆی ئەنوێنێت.

2)- بوعدی دووەمی مەسەلەکە دەگەرێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان خەڵکی کوردستانو دەسەڵاتدارێتی حزبە ناسیۆنالیستەکان. خەڵکی لە نارەزایەتیە جەماوەرییە فراوانەکانی ئەم دواییەدا بە خستنەڕووی خواستە زۆر سەرەتاییەکانی خۆیان، لە راستیدا ئاڵوگۆڕێکی سیاسی گرنگیان بەرجەستەکرد: ئەوەی کە لە کوردستان جیاوازی چینایەتی بەرجەستەبۆتەوەو مەسەلەی نەتەوایەتیو کێشمەکێشی نەتەوایەتی خستۆتە ژێر سێبەری خۆیەوە. دوای 15 ساڵ تاقیکردنەوەی دەسەڵاتی ئەم حزبانە کە تیایدا وەك رۆژی ڕووناك بۆیان ئاشکرابوو کە سەرکەوتنی "کوردایەتی" سەرکەوتنی سیاسیو باشبژێویی خەڵکی کوردستان نییەو بەمانای ئازادیو خۆشگوزەرانی ئەوان نییە، بەشی خوارەوەی کۆمەڵگا خەریکە لە کوردایەتی تێپەڕ ئەکات و بەرژەوەندییە واقعیە چینایەتیەکانی خۆی دەناسێتەوە. ئەوە دەرك ئەکات کە ئەمە سەرکەوتنی چینە داراکانە کە سەروەتو سامانێکی زۆریان کۆکردۆتەوەو بە خەونەکانی خۆیان گەیشتوونو بەئینسافەوە حەقیانە کە شانازی بە سەرکەوتنەکەیانەوە بکەنو پێی شاگەشکە بن.

لە حەرەکەتی نارەزایەتی جەماوەریی ئەم دواییەداو لەپشتی خواستی ئاوو کارەباو سووتەمەنیو ئازادییەوە، لە راستیدا لاپەڕەیەکی سیاسی هەڵدرایەوە: لاپەڕەی خۆشباوەڕیی بە کوردایەتی داخرا و لاپەڕەی دەستپێکردنی هۆشیاربوونەوە بە جیاوازی چینایەتی کرایەوە. جیاوازی

چینایەتی لەوە ئاشکراترە کە بتوانرێت لەژێر پەردەی خۆشباوەڕیی نەتەوەییدا بشاردرێتەوە. لەمیانەی ئەم ناڕەزایەتییانەدا، سەرانی دەسەڵات چەندین جار بە خەڵکیان گوت: "ئەگەر ئێمەتان ناوێت، ئێمە ئەڕۆین". خەڵکی دەزانن و دەسەڵات خۆیشی بە دەزگای سەرکوت و سوپا و ئاسایشیەوە هاواردەکات کە کارەکە ئاوا ئاسان نییە و ئەم ململانێیە درێژەی هەیە. سەرانی دەسەڵات بە لاساییکردنەوەی مارگرێت تاتشەر وتیان: "بەدیلێك لەئارادا نییە". بەڵام خۆیان دەزانن کە بەدیل هەیە و لە جەرگەی هەر ئەم حەرەکەتە جەماوەرییانەدا خەریکە باڵا دەکات و پێدەگات. ململانێی ئالاکان هەوڵێك بوو بۆ گێرانەوەی جەماوەری خەڵك بۆ ژێر باڵی خۆشباوەڕیی نەتەوەیی. هەوڵێك بوو بۆ کەمڕەنگکردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە سایەی پەرەپێدانی کێشمەکێشی نەتەوەییەوە. بەڵام خەڵکی بە ئیهمال کردنێکی ئاشکرا گاڵتەیان بەو ململانێیە کرد، چونکە بەرژەوەندی خۆیانیان تێدا بەدی نەکرد. خەڵك بەرژەوەندییە سەربەخۆ چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان، بەخۆجیاکردنەوە لە خۆشباوەڕیی خۆڵەمێشیی کوردایەتی، ناسیوەتەوە و بەوئاقارەدا دەچنە پێشەوە.

تەرحکردنی مەسەلەی سەربەخۆییش ناتوانێ کۆمەکێك بە دەستەی فەرمانڕەوا بکات چونکە ئەمە خواستێکی واقعی بوو کە لە زەروورەتی دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستان لە سەرگەردانیی سیاسیەوە سەرچاوەی گرتبوو وە لەلایەن خودی ئەم دەسەڵاتدارانەوە پێشێل کراوە. خەڵکی لە ئاستێکی بەریندا خوازیاری ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیین. لەکاتێکدا کە رابەرایەتی ناسیۆنالیزمی کورد بەدوای دۆزینەوەی خاڵێکی تەرەوەن بۆ سازان لەگەڵ ئیئتلافی درزتێکەوتووی "دەوڵەتی" مەرکەزیدا کە تیایدا بەشێکی زیاتر لە سەروەتی وەدەستهاتوو لە چەوەسانەوەی کرێکاران بڕژێننە کیسەی جیاوازی خۆیانەوە. بەرەنجامی ئەم سیاسەتی ماروپەیژەیە درێژەکێشانی سەرگەردانیی سیاسیی کوردستانە و، بە حوکمی نەهاتنەوەی لەگەڵ ئاڵوگۆڕە بابەتییەکانی رەوشەکە کە رۆژبەڕۆژ قڵشتی نێوان ناوچەی کوردنشین لەگەڵ باقی ناوچەکانی عێراقدا گەورەتر دەکاتەوە، لەبەرامبەر گوشاری جەماوەر بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆییدا دەدۆڕێت.

*

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم کە بوعدێکی لاوەکیی یان ئەنجامێکی لاوەکیی ئەم مشتومڕە هاوکات جێگیرکردنی باڵادەستیی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە بەسەر حزبە هاوپەیمانەکەیدا. پێویستیی سەرمایەی جیهانیی بە "دورگەی ئارام"ی کوردستانی عێراق، کە بەهیوای زێدە قازانجی باڵا مەیلی بۆ نیشاندەدات، بەناچاری دەبێتە مایەی جۆرێك لە پاڵاوتنی ریزەکانی دەستەی فەرمانڕەوا و ئاڵوگۆڕ لە تەرازووی نێوان هەردوو باڵی کوردایەتیدا. لەم پرۆسەیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان لەئێستادا بەئاشکرا بەختی یاوەرێتی وەدیارە بردووشیەتەوە. رابەریی ئەم حزبە لە ململانێی ئالاکاندا بەکردەوە یەکێتی نیشتمانی خستە هەڵوێستێکی "دژوار" و بیەوێ و نەیەوێ هەڵوێستێکی پاشکۆیەتییەوە و بەم کارەی پرۆسەی سەقامگیرکردنی هەژمونیی خۆی خێرا و بەهێزکردووە.